# ململانەی خودا و شەیتان

هەندرێن ئەمەدەمین

سورەتی (ص) ئایەتی ٧١ تا کۆتایی سورەتەکە ...........

(٧١) کاتێ کە پەروەرێنی تۆ بەفریشتەکانی ڕاگەیاند : واخەریکم مرۆیەک لە قوڕ چێ بکەم؛(٧٢) . هەر گا لەشیم تەواوکرد و لە گیانی خۆم فووم پێداکرد هەمووتان سوژدەی بۆ بەرن.(٧٣) . ئەوسا فریشتەکان گشتیان سوژدەیان برد؛(٧٤) . ئیبلیس ! نەبێ . خۆی بە زل دی و سپڵەیی کرد. (٧٥) . گوتی: ئەی ئیبلیس! چی نەیهێشت سوژدە بەریە بەر ئەوەی دەستکردی خۆمە؟ ئاخۆ فیزت ڕێگەی نەدای، یان لە پایە بەرزەکانی؟ (٧٦) . گوتی: دیارە من خۆم لەو چاکتر دەزانم، من لە ئاگر، ئەوت لە قوڕ وەدی هێنا .(٧٧) . گوتی: لێرە بڕۆ دەرێ، لە ئێستەوە دەرکراوی؛ (٧٨) . نەفرینی منت لە سەر بێت، تا ڕۆژێ سەلا ڕادەبێ.(٧٩) . گوتی: ئەی پەروەرندەی من! قانم بدە تا ڕۆژەکەی کە هەموو زیندوو دەبنەوە. (٨٠) . گوتی: تۆ یەکێ لەوانەی کە مەودایان پێدراوە؛ (٨١) . هەتا ئەو ڕۆژە و ئەو کاتەی دیاری کراو. (٨٢) . گوتی: دەسا سوێند بە دەسەڵاتی تۆ، سەرلەبەریان گومڕا دەکەم؛ (٨٣) . مەگین ئەوانەی بە پاکی دەتپەرستن. (٨٤) گوتی: سا ڕاست هەر ئەمەیە و هەرچی من دەبێژم ڕاستە. (٨٥) دڵنیابە، تۆش و هەموو ئەوکەسانەی شوێن تۆ کەوتوون، جەهەندەمتان لێ پڕ دەکەم. (٨٦) بێژە: من هیچ پاداشێکم لێتان ناوێ؛ لەوانەش نیم کە درۆ بە دەم خوداوە هەڵدەبەستن. (٨٧) ئەمە بیرەوەری و پەندە بۆ هەموو خەڵکی دنیایە. (٨٨) بێ گومانە پاش ماوەیەک دەنگ و باسی ڕاستی ئەوتان بەلاوە ڕوون دەبێتەوە. ...............

ئەوە جگە لەم ئایەتانە چەندین ئایەتی تریش لە سورەتی بەقەرە هەن کە باس لەو ململانەی خودا و شەیتان ئەکەن، دوایی دێنە سەر خوێندنەوەی ئەوانیش، ئەو کات لەگەل ئەم ئایەتانە بەراوردیان ئەکەین تا بزانین ئایەتەکان چەند لەگەل یەکتر ناکۆکن .

ئەم ئایەتانە کە لە سورەتی (ص)دا هاتوون پێش ئەو ئایەتانەن کە لە سورەتی بەقەرە هاتوون چونکە سورەتی (ص) یەکێکە لە سورەتەکانی مەککی، هەرچی سورەتی بەقەرەیە یەکێکە لە سورەتەکانی مەدینەیی، بۆیە پێم باشتر بوو لە پێشدا ئەم ئایەتانەی سورەتی (ص) بخوێنینەوە و دوای بێنە سەر ئایەتەکانی سورەتی بەقەرە و لە کۆتایش بەراوردێک لە نێوانیان دا بکەین .

دیارە گەلێک کێشەی جیاجیا لە خوێندنەوەی قورئاندا هەن، وەک ئەوەی کە هەندێک جار ئایەتەکان لە سەر زوبانی خودان و هەندێک جاریتر لە سەر زوبانی (محمد)ن ، ئەگەرچی دەبوایە هەموو ئایەتەکان لەسەر زوبانی خودا بوونایە چونکە وەک ئیسلام ئەڵێت ئەم قورئانە قسەی خودان، (محمد) تەنها پەیامنێرێکە، ئەمەش بابەتێکە قسە و باسی زۆر بەخۆوە هەڵئەگرێت، ئەلێرە ئەکرێ بلێیت خودا قسەکەرەکەیە و باسەکە بۆ محمد ئەگێڕێتەوە، ئەشکرێ بلێت محمد قسەکەرەکەیە و باسەکە بۆ کەسێکیتر ئەگێڕێتەوە، بە واتایەکیتر تەواو دیار نیە کە قسەکەر کێیە، چونکە ئەلێ (خودای تۆ بە فریشتەکانی راگەیاند) ، یەکەم پرسیار ئەوەیە کە بۆ ئەم باسە بۆ یەک کەس باسکراوە؟؟؟ بۆ ئەلێ خودای تۆ؟؟؟ بۆ نالێت خودای هەموو بوونەوەرێک ؟؟؟یان خودای هەمووتان؟؟؟ دوایی ئەلێت وا خەریکم مرۆیەک لە قوڕ چێ بکەم، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا خودا خەریک ئەبێت؟؟؟؟ یان هەرکە شتێکی ویست ئەوا

تەنها فەرمان ئەدات، ئەلێ ببە، ئیتر ئەو شتە ئەبێت، ئەمەش پێناسەیەکی راستر و لەبارترو گونجاوترە بۆ خودا، کە بە بێ خەریک بوون بتوانێت ئەو شتانەی کە دەیەوێت ببن راستەوخۆ ببن، نەوەک خەریک بێت پێیانەوە، دە ئاخر چۆن ئەبێت خوا خەریک بێت؟؟؟ خەریک بوون بە چ واتایەک؟؟ بەچ مانایێک؟؟؟ ئایا ئەمە پێویست بەوە ناکات کە لە سەری بوەستین و بیری لێ بکەینەوە و بەدوایدا بگەڕێین؟؟؟

دوایی دێن ئەپرسین، خوا بۆ پرس بە مەلایکەتەکان ئەکات؟؟ ئایا کە ئەو بیەوێت شتێک بکات پێویستی بە پرس کردن هەیە ؟؟؟ ئایا خودا لە هەموو شتێک پرس بە مەلائیکەتەکان ئەکات؟؟ ئەگەر بلێن بەلێ لە هەموو شت پرسیان پێئەکات، ئەی نابێ بپرسین خودا ئەم پرسە بۆ ئەکات؟؟؟ یان تەنها لە دروستکردنی ئادەمدا پرسی پێکردوون و بەقسەشی نەکردوون، ئەوە لە ئایەتەکانی سورەتی بەقەرە دێینە سەری، تۆ بلێیت دروست کردنی ئادەم کارێکی ئەوەندە گران بێت، کە لە لایەک خوای خەریک کردبێت و لەلایەک وای لێکردبێ پرس بە مەلایکەتەکانی بکات؟؟؟ کاتێکیش کە ئەلێ هەر گا لەشیم تەواو کرد، جارێکیتر دووپات کردنەوەی خەریک بوونی خودایە بە دروست کردنی ئادەم، لە کاتێک لێرە تا ئێستا ناوی نەندراوە ئادەم، هەر ئەلێت مرۆ، بەلام خودا بۆ داوا لە مەلایکەتەکان ئەکات کە سوژدە بۆ ئەو مرۆڤە بەرن، با ئێمەی مرۆڤیش ئەوەندە خۆمان بە زل نەزانین وەک شەیتان، بلێین چونکە خوا تایبەت مەندی بە ئێمە داوە، بۆیە داوای لە مەلایکەتەکان کردوە کە سوژدە بۆ ئەو مرۆڤە بەرن کە خەریکی دروستکردنیێتی، ئایا جگە لە خودا هیچ کەسێکیتر هەتا مرۆڤیش شایەستەی سوژدە بۆ بردنە؟؟؟ ئەی بۆ ئەبێ مەلایکەتەکان سوژدە بۆ مرۆڤ بەرن؟؟ (حیکمە) چیە بۆ ئەو سوژدە بردنەی مەلایکەتەکان بۆ مرۆڤ؟؟؟ خودا چ پێویستی بە سوژدەی مەلایکەتەکانە کە بۆ مرۆڤی بەرن؟؟ یان مرۆڤ چ پێویستی بە سوژدەی مەلایکەتەکانە ؟؟؟ رەنگە زۆر لە ئیسلامەکان بلێن ئەوا بۆ تاقیکردنەوەی مەلایکەتەکان بووە، ئەوە نیە شەیتان لەم تاقیکردنەوە دەر نەچوو، بۆیە کەوتە بەر نەفرەتی خودا.

بەر لە هەموو شتێک با بپرسین، ئایا هیچ بونەوەرێک هەیە بە شەیتانیشەوە بتوانێ کارێک ئەنجام بدات کە خودا نەیەوێت؟؟؟ ئەگەر بڵێین بەلێ، ئەی مانای خوایەتیەکە چی بەسەر هات؟؟؟ ئەگەر بڵێین نەخێر، ئەی شەیتان چۆن ئەمەی توانی؟؟ ئایا ئەوەی شەیتان کردی ویستی خودا بوو؟؟ یان بە واتایەکیتر ئایا خودا نەیئەتوانی ئەوە بە شەیتان نەکات؟؟ بۆ ئەمە پێم وا نیە هیچ ئیسلامێک بتوانێت بڵێت نە خێر خودا نەیئەتوانی، ئەی کە ئەیتوانی بۆچ ئەمەی بە شەیتان کرد؟؟؟ ئەگەر خودا ئەمەی بە شەیتان کردبێ، ئەی تاوانی شەیتان چیە؟؟؟ بۆ لەسەر کارێک سزا ئەدرێت کە خودا خۆی پێیکردووە؟؟؟ ئەگەر خوداش پێینەکردبێ، ئەبێ بپرسین بزانین شیتان چۆن ئەم چاونەترسیەی هەبوو بەم شێوەیە رووبەرووی خودا ببێتەوە؟؟؟دوایی دێینە سەر ئەوەی کە چۆن شەیتان دان بە دەسەلاتی خودا ئەنێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو قسەیەی کە زۆرێک لە ئیسلامەکان پێیان وایە ئەم داواکاریەی خودا لە سوژدە بردنی مەلایکەتەکان بۆ ئەو مرۆیەی کە ئەیەوێت دروستی بکات تاقیکردنەوە بووبێت، ئەی بۆ دوایی خودا رێگای دا کە بە راست مەلایکەتەکان سوژدە بەرن؟؟ ئەوا مانای ئەوە نیە کە چگە لە خودا سوژدە بۆ مرۆڤیش بردراوە، بۆ ئادەم، لەلایەن مەلایکەتەکانەوە، ئەو ئادەمەی کە دوایی دێینە سەری چۆن هەلە ئەکات و لە فەرمایشتی خودا دەر ئەچێت، ئایا خودا نەیدەزانی کە رۆژێ دێ ئەم ئادەمە هەلە ئەکات و لە فەرمایشتی دەرئەچێت؟؟؟ ئەی چۆن داوای لە مەلایکەتەکان کرد کە سوژدەی بۆ بەرن؟؟؟؟ کەواتە بەر لەوەی مرۆڤ دروست بێت و وای لێ بێت کە سوژدە بۆ (غەیری) خودا ببات ئەم ئایەتانە ئەوامان پێڕا دەگەینن کە هەر زوو بەر لە دروست بوونی ئادەم خودا فرمانی سوژدەبردنی بۆ کەسێکیتی (غەیری) خۆی داوە و هەر

لەگەڵ دروست بوونی ئادەمیش هەموو مەلایکەتەکان چگە لە شەیتان سوژدەیان بۆ (غەیری) خودا بردووە واتە بۆ ئادەم، ئەمەش بە فرمانی خودی خودا بووە، ئەوەی کە ئامادەش نەبوو ئەم سوژدەیە بەرێت واتە شەیتان سزادرا.
ئایا سوژدە نەبردنی شەیتان بۆ ئادەم، جێ بە جێ کردنی ئەو فەرمایشتەی خودا نیە، کە ئەڵێت، چگە لە خودا سوژدە بۆ هیچ کەسێکیتر نابردرێت؟؟؟ ئەی کە شەیتان فەرمایشتی خودا جێ بە جێ ئەکات بۆ تاوانبارە؟؟ بۆ لە تاقیکردنەوە دەرنەچووە؟؟؟
ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە سەرەڕای ئەوەی کە شەیتان لە ناو هەموو مەلایکەتەکان سوژدە نابات، خودا پرسیاری لێ ئەکات، ئەیەوێ بزانێ کە شەیتان بۆ ئەو سوژدەیەی نەبرد، وەک ئەوەی کە خودا خۆی ئەوە نەزانێ؟؟ من پێم وایە بەردەوام پرسیارکردن نیشانەی نەزانینە، پرسیار تەنها ئەو کاتە ئەکرێت کە بتەوێ شتێک بزانیت، هەتا لە کاتی تاقیکردنەوەش مامۆستا بۆ ئەوە پرسیار  لە قوتابیەکانی ئەکات تا بزانێ قوتابیەکانی چەند ئەزانن. لە هەمان ئایەت خودا لە شەیتان ئەپرسێت، ئاخۆ فیزت ڕێگەی نەدای، یان لە پایەبەرزەکانی؟؟؟؟ ئەگەر شەیتان فیزی هەبووبێت بە هۆی فیزەکەیەوە سوژدەی بۆ ئادەم نەبردوبێت، ئایا ئەم فیزەی شەیتان لە کوێ هات؟؟ ئایا خودی شەیتان توانای ئەوەی هەیە کە فیز بکات؟؟ یان خودا ئەم فیزەی پێ داوە؟؟؟ دوایی پرسیارەکە بەوە کۆتایی دێت (یان لە پایەبەرزەکانیت) ئەوەش نیشانەی ئەوەیە کە زۆربەی ئیسلامەکانیش لەسەری کۆکن کە شەیتان یەکێک بووە لە پایەبەرزەکان لەلای خودا، واتە شەیتان وەک مرۆڤ و مەلایکەتەکانیتریش نەبووە بەڵکو پایەیبەرز بووە و لە خودا نزیک بووە، ئەی چۆن توانی لە فەرمانی خودا دەرچێت؟؟؟؟ شەیتان بەم کارەی چ سودێکی وەرگرت؟ بۆ تا ئێستاش شەیتان پەشێمان نیە؟؟؟؟؟
ئەوە لە هەر هەمووشی زۆرتر چێگا وەستانە ئەو گفتوگۆیەی شەیتانە بە چاونەترسانە لەگەڵ خودا دا، ئەوەتە لە ئایەتی( ٧٧ ) زۆر بەبێ باکانە شەیتان ئەڵێت (دیارە من خۆم لەو چاکتر دەزانم)، واتە خۆم لە ئادەم چاکتر دەزانم، وەک ئەوە وایە کە شەیتان ئەوەشی بیر چووبێتەوە ئەوا لە بەرانبەر خودا دایە، سەرەڕای ئەوەی کە فەرمانەکەی جێ بەجێ ناکات، گفتوگۆشی لەگەڵ ئەکات و دەیەوێ بە خودا بسەلمێنێ کە ئەو راستە، ئەونیە ئەوەش بە بیر خودا دێنێتەوە کە ئەو واتە شەیتان لە ئاگر دروست کراوە و ئادەم لە قوڕ.
دیارە لە دوای ئەمە خودا لە ئایەتی (٧٨) راستەوخۆ شەیتان دەر ئەکات، بەڵام لە کوێ بۆ کوێ؟ ئەوەیان دیار نیە هەر ئەوەندەی پێ ئەڵێت (لێرە بڕۆ دەرێ، لە ئێستەوە دەرکراوی)، باشە کە ئەڵێت (لێرە) مەبەستی کوێندەرە؟؟؟؟ ئەی دەرێ کوێندەرە؟؟؟؟ سەیرەکەش لەوەیە ئەم دەرکردنە تا رۆژی( سەڵا) یە، ئەوە هێشتا خودا لە خەریکبوونی دروستکردنی ئادەم دایە، واتە نەوەک هەر مرۆڤ بوونی نیە بەڵکو هێشتا ئادەمیش دروست نەبووە، ئەی ئەو رۆژی(سەڵا) یە لە کوێوە هات؟؟؟؟؟ بۆ چ کەسانێک و چ خەلکانێک بوو؟؟؟؟
ئەم شەیتانە چاونەترس و دلقایمە واز ناهێنێت، نە لە نەفرەتی خودا ئەترسێت و نە لە هەرەشەکەی، وە جارێکیتریش بە قسەی خودا ناکات، چونکە خودا پێیگووت لە ئێستاوە بڕۆ دەرێ کەچی ئەو هەر ماوەتەوە و خەریکی گفتوگۆ کردن و سەوداکردنە لەگەڵ خودا وەک ئەوەی ئەیبینین لە جیاتی پەشێمان بوونەوە و داوی لێبوردن کردن داوای دەرفەت وچاوەڕونی ئەکات لە خودا تا رۆژی زیندوو بوونەوە، ئەوەش وەک ئەوە وایە کە شەیتان بە خودا بلێت من ئێستا ناتوانم هیچ بکەم بەلام ئەگەر دەرفەتم بدەیت تا رۆژی زیندوو بوونەوە ئەوا من ئەتوانم هێزێک بۆ خۆم پەیدا بکەم، وەک ئەوەی کە شەڕێکی لەگەڵ خوا هەبێت و پێویستی بە دەرفەتێک بێت بۆ خۆ ئامادەکردن، خوداش وەک خۆ بە بەهێزتر بزانێت وا مامەڵەی لەگەڵ ئەکات و ئەو دەرفەتەی پێ ئەدات.

ئەلێرە دوو پرسیاریتری گرینگ هەن با بەسەریان باز نەدەین. یەکەم ئایا شەیتان (غەیب ) ئەزانێت؟؟ ئەگەر بلێین ئەزانێت، کەواتە جیاوازی لەگەل خودا چیە؟؟ یان ئەگەر شەیتان (غەیب)ی بزانیبوایە چۆن چارەنووسی خۆی نە ئەزانی کە وەک ئیسلام باسی لێوە ئەکات لە ئاگری جەهەنەم تاهەتایە لەگەل ئەو کەسانە ئەمێنێتەوە کە خۆی فریوی داون و گومڕای کردوون؟؟؟ ئەوەتە هەر لەم ئایەتانە ئەم قسانەمان بۆ دەرئەکەون، لە هەمان کاتدا ئەی نالێن چگە لە خوا هیچ کەسیتر (غەیب) نازانێت، کەواتە چۆن ئەکرێت بلێین کە شەیتان (غەیب) واتە نادیار ئەزانێت، دووەم ئەگەر بلێین نەخێر چگە لە خودا هیچ کەسێکیتر (غەیب) نازانێت، شەیتانیش، ئەی ئەگەر وایە شەیتان چۆن گوتی من لە ئەو واتە لە ئادەم چاکترم؟؟؟ خۆ تا ئەو کات شەیتان ئادەمی نەبینیبوو،دوایی چۆنی زانی رۆژی (سەڵا) هەیە؟؟ خۆ خودا تا ئەو کات مرۆڤی دروست نەکردبوو، خەریکی دروستکردنی ئادەم بوو ئەی چۆنی زانی کە ئەو مرۆڤەی خودا دروستی ئەکات (ئەو) واتە شەیتان ئەتوانێ فریووی بدات، وا بەبێ دوودلی شەیتان سوێند بە دەسەلاتی خودا ئەخوات و ئەلێت (سەرلەبەریان گومڕا دەکەم) شەیتان ئەمانەی چۆن زانی ئەگەر (غەیب) نەزانێت؟؟؟؟؟؟؟؟

ئەمانە و دەیان پرسیاریتر لە خوێندنەوەی ئەم ئایەتانە دێنە پێش کە پێویستی بە دواداگەڕان هەیە، چۆن ئەکرێ شەیتانێک کە ئەوەندە لە خودا نزیک بووبێ لە پایەبەرزەکان بووبێت، یان هەر هیچ نەبێت بونێک بووە لەگەل خودا گفتوگۆی کردووە واتە گوێی لە دەنگی خودا بووە، دەسەلاتی خودای زانیوە، سوێند بەو دەسەلاتەی خودا ئەخوات. لە هەمان کات نەوەک هەر فەرمایشتی خودا بە جێ ناهێنێ بەلکو بوونەوەرەکانیتریش واتە مرۆڤەکانیش لە خشتە ئەبات و ئەیانکات بە دژی خودا، دەبێ بپرسین شەیتان بۆ ئەمە ئەکات؟ چۆن ئەتوانێت ئەو بەربەرەکانیەی خودا بکات؟ دە وەک دیارە شەیتان مرۆڤێک نیە خودای نەدیبێ و دلنیا نەبێ لە بوونی خودا و باوک و باپیرانی فێری دینێکیتریان کردبێ یان خودایەکیتریان پێ ناساندبێت، ئەوەتە ئایەتەکان پێمان ئەلێن کە خودا و شەیتان لە یەکتر نزیک بوونە و خودا پرسی پێ کردووە، لە هەمان کات ئایەتەکان گفتوگۆی شەیتان و خودامان بۆ ئەگێڕنەوە، کەواتە چۆن شەیتان ئەو (جورئەتە) ئەکات پشتی بە چ بەستووە؟؟؟؟ بەو مرۆڤانەی کە ئەیانخاتە سەر رێگای خۆی؟؟؟ جا ئەو مرۆڤانە چی بۆ ئەکەن؟؟؟ ئێوە بلێن شەیتان پێی وا بێت بە خەلەتاندنی مۆڤەکان بتوانێ شەڕی خودا بکات؟؟؟؟ با هەر هەموو خەلکیش لایەنگری شەیتان بێت، ئەمە چ کارێک لە خودا ئەکات؟؟ شەیتان چ سوود لەو هەموو خەلکە ئەبینێ؟؟؟

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە ئەمە هەمووی بە ویست و (ئیرادە و قودرەتی) خودا بووە، واتە خودا ویستی شەیتان وابێت، ئەی تاوانەکەی چیە؟؟؟ بۆ سزا ئەدرێت؟؟؟

لە ئایوتی ٨٣ جارێکیتر یەکێک لە (غەیب)ەکانی شەیتان دەر ئەکەوێتەوە کە لە لایەک وەک ووتمان هێشتا ئادەم دروست نەبووە و حەوا هەر باسی لێوە ناکرێت و نەوەکانیان واتە مرۆڤەکان هیچ جۆرە بوونێکیان نیە، کەچی شەیتان ئەزانێ کە ئەتوانێ بەشێکی زۆری مرۆڤەکان گومڕا بکات، واتە بە بێ ئەوەی خودا ئاگاداری بکاتەوە شەیتان خۆی ئەزانێ کە دوایی حواش دروست ئەبێت و ئادەم و حەوا منداليان ئەبێت و لە زۆربوون دا ئەبن و زەمەنێکی درێژ ئەژین و دوایی کۆتایی بە ژیان دێت و رۆژی لێپرسینەوە دەست پێئەکات و بەهەشت و جەهەنەم ئەبێت بە دوا مالی مرۆڤەکان، ئەی نابێ بپرسین شەیتان ئەو هەمووەی لە کوێوە زانی، خۆ خودا هەر ئەوەندەی گووت (من خەریکم مرۆیەک لە قوڕ چێ بکەم دوای ئەوەی کە لە گیانی خۆم فووی تیا ئەکەم ئێوە سوژدەی بۆ بەرن) ، هەر ئەوەندەی گووت کەچی شەیتان شتەکانیتری هەموو زانی، ئەمە چۆنە؟ وە وەک باسمان کرد لە ئایەتی ٨٣ ئەوەش ئەزانێ کە ناتوانێ ئەو کەسانە فریو بدات کە بە پاکی خودا ئەپەرستن، زۆر سەیرە شەیتان باوڕی بەوە

هەبووە کە ئەتوانێ ئادەم فریوو بدات، ئەو ئادەمەی یەکەم مرۆڤە باوکی هەر هەموو مرۆڤیشە، وە ئەتوانێ حوای ژنی فریوو بدات، کە دایکی هەموو مرۆڤە، بەلام دوایی ناتوانێ کە خەلکانێکیتر فریوو بدات کە بە پاکی خودا ئەپەرستن،.
ئەوە پرسیارەکانە خودا ئەو هەموو شتینەی چۆن زانی، بۆ باوڕی بەوە هەبوو کە ئەتوانێ ئادەم فریوو بدات( کە دوایی لە سورەتەکان بەقرە باسی لێوە ئەکەین ) بەلام ناتوانێ نەوەکانیتری ئادەم فریوو بدات؟؟؟ لە هەمان کات شەیتان بۆ ئەوەندە بێ باوڕ بوو بە ئادەم و چۆن ئەوەندە دلنیا بوو کە ئەتوانێ ئادەم فریوو بدات و دوا جار سزای خودای بەسەر دا بدات و خۆیی و ژنەکەی لە بەهەشت بەدەر نێت و بکەوێتە فریودانی نەوەکانیشی؟؟؟؟ ئایا شەیتان راستی نەکرد لە سوژدە نەبردن بۆ ئادەم، ئادەمێک کە ئاوا زوو فریوو بخوات.
کەواتە بە پێ خودی ئایەتەکان ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێت کە شەیتان توانایەکی زۆری هەبووە و زۆر زیرەک بووە و توانیویەتی پێشبینی هەموو شتەکان بکات و هەموو پێشبینیەکانیشی راست دەرچوون، ئایا ئەوە جارێکیتر ئەو پرسیارەنەمان ناخاتەوە بەر دەم، کە شەیتان ئەو هەموو توانا و زیرەکی و هێز و زانین و پێشبینی کردنەی لە کوێ هێنا؟؟ لەگەل ئەوەش چۆن ئەو هەلە گەورەیەی کرد ؟؟؟؟ لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە تا ئێستاش پەشێمان نیە !!!!!!!!!!!!!
لە ئایەتی ٨٤ خودا روو لە شەیتان ئەکات پێی دەلێ( سا ڕاست هەر ئەمەیە و هەرچی من دەبێژم راستە) خودا بۆ ئەمە ئەلێ؟؟؟ دە خۆ تا ئەو کات کەس پێی نە گووت تۆ راست نیت، تەنانەت شەیتانیش کە فەرمایشتەکەی خودا بە جێ ناهێنێ پێی نالێت تۆ راست نیت، کەچی خودا لەخۆیەوە باس لە راستی خۆی ئەکات، ئەم (تائکید) کردنەوەی خودا لە رستی خۆی هیچ پەیوەندی بە قسەکانی شەیتان نیە مەگەر بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ پێمان بلێت کە شەیتان بە خودای گووتبێ یان کردارەکەی واتای ئەوەی گەیاندبێت کە شەیتان خودای بە راست نەزانیبێت، بۆیە خودا (تائکید) لە راستی خۆی ئەکاتەوە، ئەمەش نازانم چ پێویستیەک بووە کە خودا ئەوەندە لەگەل شەیتان بەدوادا بچێت !!! ئەو هەموو گفتوگۆیەی لەگەل بکات و داخوازیەکەی بەدی بێنێت و (تئکیدی) راستی خۆیشی بۆ بکات !!!!
دوا سەیر و سەمەرە لێرە ئەوەیە کاتێک کە شەیتان فەرمان و ویستی خودا رەت ئەکاتەوە واتە شەیتان بە قسەی خودا ناکات، لە هەمان کات خودا داخوازی شەیتان قبول ئەکات و ئەوەی دەیەوێت بۆی ئەکات واتە خودا بەقسەی شەیتان ئەکات، بۆ ؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟
هیوادارم بتوانم لە دەرفەتێکیتر خوێندنەوەی ئایەتەکانی سورەتی البەقەرەتان بۆ بلاو بکەمەوە، دوای ئەویش دەراوردکردنەکەی لەگەل ئەم ئایەتانە .....هیوادارم ئێوەش بتوانن خوێندنەوە بۆ هەموو ئایەتەکانی قورئان بکەن بە کوردی، بە راستی ئەم وەرگێڕانەی قورئان بۆ زمانی کوردی کارێکی بە نرخە، ماندووبوونی زۆری بۆ کراوە، بۆ خوێنەری کوردە بۆیە خوێندنەوەی زۆر پێویستە، تا بتوانین لە ڕێگایەوە گفتوگۆیەکی شارستانیانە لەگەل یەکتر بکەین ....